ئێران: ڕێگەی نادەبین یەک لیتر نەوت بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکاو ئیسرائیل بە گەروی هورمزدا تێپەڕێت

وتەبێژی فەرماندەیی خاتەمولئەنبیا رایدەگەیەنێت، ڕێگەی نادەبین تەنانەت یەک لیتر نەوت بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوبەشەکانیان بە گەروی هورمزدا تێپەڕێت.

وتەبێژی فەرماندەیی خاتەمولئەنبیا، ئەمڕۆ چوارشەممە، لە وتەیەکدا وتی، ڕێگەی نادەبین تەنانەت یەک لیتر نەوت بە گەروی هورمزدا بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، قەوارەی زایۆنی یان هاوبەشەکانیان تێپەڕێت.

جەختیشی کردەتەوە، هەر کەشتییەکی سەر بە ئەمریکا، قەوارەی زایۆنی یان هاوبەشە دوژمنکارەکانیان، جا کەشتییەکە خاوەن بێت یان باری نەوتەکەی، ئامانجێکی ڕەوای هێزە چەکدارەکانی ئێران.